کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 15:08بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# له پەراوێزی بەشداری کورد لەپیشانگای نێودەولەتی پەرتووکی فرانکفۆرت- ئەلمانیا باڕاستیەکانی مێژوو ئاوەژوونەکرێن- وەلامێک بە... ئارام ئەحمەد

بەشداری سالی 2007 درێژە پێدەر سالانی 2004و2005و2006ە کوردیش وەک دەولەت بەشدارنیە چونکە دەولەت نیە بەلکو وەک دەزگایەکی پەرتووک بەشدارە بەیارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک دەزگاکانی تری بەشدار بوو.
هەر نووسەرورۆژنامە نووسێك بخوازن لەسەر بابەتێک بنووسن پێویستە زانیاری تەواوسەبارەت بەبابەتەکە بزانن، ئەگەر تەنها مەبەستیان نوسین وشێواندنی ڕاستیەکانی مێژووبە فیڕۆ دانی هەولوماندووبونی کەسانیماندونەناسوخۆبەخش بێت ئەوە مەحالە لەم سەردەمی میدیای پێشکەوتوو بتوانن سەر کەوتووبن.
بەشداری کورد لە پێشانگای نێودەولەتی پەرتووک لە فرانکفۆرت
تەنها ئەم سال نیە بەلکو دەگەرێتەوە بۆ چەندین سال بەر لە سالی 2004 کە پێشتر دەزگاکانی نوودەنگ ومیزۆپۆتامیاوبەرێز دکتۆر جەزاچنگیانی.
ئەوەی من بزانم بە شداری کوردستانی باشور بەم جۆرەیە:
کۆمەلێک لاوی خۆبەخش ونیشتمان پەروەری کورد لە شاری مانهایم-ئەلمانیا، لە ناوەندی زانین ورۆسنبیری کوردی- ئەلمانی لە مانهایم سەرەتا لەرێگەی بەرێز وەزیری ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی فتاح زاخۆیی بەم کارە هەلسان وپرۆژەیان دا بە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیرفتاح زاخۆیی لەسالی 2003 ئەویش ڕەزامەندی لەسەر دا ئەگەر ئەویش نەبوایە پێم وانەبوو حکومەتی کوردستان بە حەیاتی ئەم کارە بکات، چونکە چەندین سالە بە ناو نوێنەری حکومەت وحزباکان لەم وولاتەن بە مووش بیریان لەمکارە نەکردۆتەوە، لە سالی 2004 جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری فتاح زاخۆیی و هەلگورد عبدولوەهاب بەرێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی دیوان هاتن لەگەل ئەندامانی ناوەندی زانین ورۆشنبیری کوردی ئەلمانی بەشدار بوون، سالی 2005 بە هامان دەستور ناوەند ووەزارەت بەشداریان کرد، سالی 2006 هەر بەهەمان دەستوور بەشدار بوون بەلام ئەم جارەیان وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکگرتوو، بۆ ئەمسالی 2007 بریارە بەشدار بن ئەویش درێژە پێدەری سالانی پێشووترە بەلام تا ئێستا هیچ ڕاگەیاندنێکیان ڕانەگەیاندووە لەمیدیاکوردیەکان سەبارەت بەبەرنامەکاری ئەمسالیان، بەلام ئەوەی من بزانم ناوەندی ڕۆشنبیری مانهایم وهاقیبوون وسەنتەری ئەرشیف ووەزارەتی ڕۆشنبیری وئەکادیمیای زانست بۆکودۆلۆژی بەم کارە هەلدەستن.
بەلام ئەوەی سەیرە بەرێزیک بەناوی هۆشیار عوسمان لە ڕۆژی 20، 9 لەسایتی دەنگەکان لەنوسینێکی دابەناوی پێشانگای نێودەولەتی کتێب لەئەلمانیا، کورد وەک دەولەت بەشدارە، لەنوسینەکەی دا وەکو بەشدارێک خۆی دەناسێنێ ئەم بەرێزە لەهیچ ڕێکخراوێکی بەشداریش دانیە ونوسیویەتی:
(گەلی ئێمەش لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانەوە لە هۆلێکی تایبەت بە خۆیدا بە ئالای کوردستانەوە وەک دەولەتێک بەرهەمە کوردیەکان دەخاتە بەردیدی زیاتر لە 300000 هەزار کەس کە بریارە سەردانی ئەو پێشانگایە بکەن، ئێمەش وەک کورد لە هۆلی 5_1 نمایشی پەرتوکی کوردی دەدەین و بریارە لە لایەن چەند کەسایەتی ڕۆشنبیرو نوسەری کوردەوە لەو ڕۆژانەدا کۆڕ و سیمیناریش پێشکەش بکرێت) . ئەم بەرێزە ستاندی کوردی بە هەلە نوسیوە بۆ یە من ئەدریسەکەتان بەدروست بۆ دەنووسم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

25-9-2007 15:08 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەدرەسی ستاندی کوردی بەم جۆرەیە: هالەی 5. 0 لەستاندی A967، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەشداری کوردستانی باشور دەتوانن سەیری ئەرشیفی سایتەکانی: دەنگەکان، کلاوڕۆژنە، بۆ پێشەوە بکەن وپەیوەندی بەم بەڕێزانەوە بکەن کەسالانی پێشوو بەشدار بوون.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.